KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-1-2007 11:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گەندەڵیەکان بە هەزاروبەد ڕەوشتی سەرکردەکانی کوردیش سەربار پارێزەر/ رفعت هەڵەبجەیی

سوید



یەکێك لە هەرە ناخۆشترین دەست درێژیەکانی پیاوانی بەعس بۆ سەر جەماوەری کوردی ستەمدیدە، دەست درێژی کردنی ناموس و شەرەف بوو بۆ سەر ژن و کچی کورد بە زۆر، جا لە گرتووخانەکاندا بوایە یان لە ڕێگەی گەوادەکانیانەوە بوایە، لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی دەسەڵاتی بەعس دا کچێك یا خود ژنێکی کورد بە دەنگ ورەنگی خۆی لە میدیاکاندا ئەو شتانەیان نە درکاند. کەچی لەسایەی خوێنی شەهیدان و کیمیا باران و کوردستانی ئازادەوە وا بە ئاشکراو بە بێ شەرم کردن کچانی کورد لە میدیاکاندا باسی دەست درێژی کردنە سەر ناموس و شەرەفیان دەکەن لە لایەن سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی کوردەوە. ئەوەی کە سەردەمی بەعس جیا دەکاتەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆماڵی تەنها دوو شتە، 1- شێوازی چەوسانەوە 2- گۆڕانی جەللادەکان لە عەرەبەوە بۆ کورد. لە کوردستان پۆست کاك جەزا چنگیانی بە بڵاو کردنەوەی ڕیپۆرتاژێك ڕووداوێکی تراژیدی باس کرد لە سەردەست درێژی بەر پرسێکی شۆڕشگێری کورد بۆ سەر شەرەفی کچێکی کورد، لەگەڵ ئەوەدا کە من دڵنیام نەك هەر کچی ناوبراوبەڵکو ڕۆژانە بە دەیان کچی کورد لە لایە سەرکردەکانی کوردەوە پەردەی کچێتیان لە دەست دەدەن چ بە زۆرووچ بە فریودان بێت بەهۆی ئەو پارە زۆرەیەی کە لەسەر ئێسك وپروسکی شەهیدەکانی میللەتەوە بە تاڵانی دەبەن زیندووترین بەڵگەشم ئەوەیە زۆربەی زۆریان لە 2 ژن هەتا 3 هەیانە 5 ی هەیە ئەمە نیشانەی چاوچنۆکی جنسیانە یە کە بە حەڵاڵی خۆیان تێر نابن پەنا دەبەنە بەر حەرامیش. من دڵنیام نەك سەرکردەی ناوبراو بەڵکو زۆربەی زۆری سەرانی کورد خەریکی ئەوکارە پڕ شەرمەزاریەن ونێچیرە کانیشیان ناوێرن یا ن لەبەر ئابڕووی خۆیان باسی ناکەن. ئەم ڕیپۆرتاژەی کاك جزا چنگیانیش سیناریۆیەکی سیاسیە زیاتر لە ڕوداوێکی ڕاستەقینە. من وەکو لێکۆڵەرەوەیەکی یاسایی ئەتوانم لایەنە لاوازەکانی ئەو ڕووداوە سیناریۆ ئامێزە بخەمە بەردەم خوێنەران هەتاکو خوێنەری کورد بە سۆزەوە ڕوداوەکان هەڵنەسەنگێنێ وزیاتر لە ڕووی یاسایی یەوە بۆچوونی خۆی دەرببڕێت. من بەرگری لە حاکم قادر ناکەم وجارێکی تریش شتم لەسەر نووسیوە بەڵام من وەکوو یاسایی یەك لە لەو سیناریویە دەکۆڵمەوە زیاتر لە سۆزوقسەی بازاڕی. بە بۆچوونی من ئەگەر ڕووداوەکە درووست کراو نەبێت و نزیك بێت لە ڕاستیەوە ئەوا من بە پێ ی ئیفادەی ئەو کچە کوردە ئەم ڕاستیانەم لەلا گلاڵە بووەوخاڵ و دیمەنی زۆر لاوازی تێدایە. من ئەتوانم بە پێ ی پێشەی خۆم کە لێکۆڵەرەوەم (المحقق العدلی) ئەتوانم دیمەنێکی نزیك تر لە ڕاستیەوە بخەمە بەردەم خوێنەران کە ئەمە دەقەکەیەتی.

(ئەم کچە لەوانەیە جوان و سەرنج ڕاکێش بێت ولە خانەقینەوە هاتۆتە سلێمانی بە تەماحی وەرگرتنی زەوی زانیویەتی حاکم قادر بەڕێوەبەری شارەوانیە ئەتوانێت بە ڕێگای تایبەتی خۆی فریوی بدات دواتر هاتبێتە لای ناوبراو داوای پارچەیەك زەوی کردبێت ئەویش سەرنجی ڕاکێشابێت و پێ ی ووتبێت جاروو بار سەرم لێ بدەرەوە تا بۆت تەرتیب دەکەم هاتووچۆ دروست بووبێت ودواتر لە شوێنێکی باش دایمەرزاندبێت. لەم سەروو بەرەدا حیمایەی بڕوا پێکراو پسپۆڕلە بوارانەدا کە هەموو بەرپرسێکی کورد

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-1-2007 11:53 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

دوانی هەیە بە کوردی پێ یان دەڵێن (گەواد) مەسەلەکەی درکانبێت و پێ ی وتبێت ئەگەر تاقەتی ئەو شتانەت هەیە لە شوێنی گران زەوی وەردەگریت ئەویش فریوی ئەرزەی گرانی خواردووەو گفتی داوەو تەسلیم بووەوجاروبار هاتووە بۆ دیواخانی ئیشی ڕەش کە هەموو بەرپرسێکی کورد دیواخانێکی وای هەیە ئیتر شتەکە دۆخی خۆی وەر گرتووە ئاسایی بۆتەوەو بە هۆی تەلە فونی ئەو کەسەی کە بۆ ئەو کارانە دانراوە بەهۆی سەیارەی تایبەتەوە هێنراوەو براوەتەوە. گەوادی بەرپرسەکانی تریش بۆنیا هەڵکردووەو ناسیویانەو بە هەمان شێوە بەهۆی پارەو تەماحەوە لەگەڵ ئەوانیشدا ڕای بواردووە بە ویستی خۆی. تا پارەیەکی زۆری کۆ کردۆتەوە ودەوڵەمەند بووە دوای بیری لە هەندەران کردۆتەوە کە چۆن بڕواتە دەرەوە بۆئەم مە بەستە زەویەکەی فرۆشتووەو پارەکانی کۆ کردۆتەوە دواتر جەزا چنگیانی ناسیوەو پەیوەندی پێوە کردووە کاك جزاش پسپۆڕ بووە لەوبوارەدا سیناریۆیەکی بۆ داڕشتووە بەڵام دیمەنی زۆر لاوازی تێدایە جەزا چنگیانی پەیوەندی لەگەڵ لایەنێکی سیاسیدا کردوە بۆ ئەنجام دانی ئەم سیناریۆیە کە بەرژەوەندی هەرسێکیانی تێدایە کچەکە پارەیەك وەردەگرێت وکەیسێکی بە هێزی بۆ داڕێژراوە کاك جەزاش بە پاداشتی خۆی گەییوە لەو لاشەوە بەرپرسێکی یەکێتی کەسێتی سیاسی دەشکێت کە بە قازانجی سیاسی لایەنەکەی تر دەشکێتەوە. والە خوارەوە خاڵە لاوازەکانی سیناریۆکەتان بۆ دەخەمە ڕوو.

حاکم قادرئەو نانێرێت بۆ لای کابرایەکی دووکاندار چوونکە کاری لە و جۆرانە بۆهەربەرپرسێك دوو کەسن بە ناوی حیمایەوە ئەوکارانە دەکە ن زۆر بە نهێنیش تەنانەت حیمایەکانی تر ئەو شتە نازانن چوونکە ئەوبەرپرسانە هەمیشە دەوریان قەڵەباڵغە ئەو کارانە زۆر بە حەزەرەوە دەکەن خەڵکی متمانە پێکراوو پسپۆڕیان هەیە.

دەڵێت سواری سەیارەیەکیان کردین بۆ زیندان دواتر زیندانەکە ماڵی حاکم قادر بووئەم دیمەنەیش هەر زۆر لاوازە. ئەگەر حاکم قادر زیندانی لەو جۆرەی هەبێت دەبێت زیندانی تریشی تێدا بێت و دواتر باشە حاکم قادر دەبێت حسابی ئەوەی کردبێت ئەگەر بێت و زیندانیەك بە داواکاریەکانی ئەو رازی نەبوو یا دەبێت بەری بدات بەمەش ئاشکرا دەبێت وتووشی لێپرسینەوە دەبێت یاخوود دەبێت بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێت دەبێت بەریان نەدات و بیان کوژێت ئەمەشیان هەر نابێت کەواتە ئە وخاڵەیش لاوازەو هەڵبەستراوە. دیمەنێکی تری لاوازی سیناریۆکە دەڵێت من ویستم تەنیا بۆ جارێك لەگەڵی ڕاکشێم و بەیانی ئیتر سەری خۆم هەڵگرم باشە کە شەو لەگەڵ حاکم قادردا خەوت وسێکسی کرد خۆئیتر زیندانی نەبووە هاتووچۆی بازاڕوو دەرەوەی کردووە بۆ ڕای نەکردووە بۆچی بە دوو شەوو سێکس مودمن بووە وماوەتەوە. دەڵێت حاکم قادرلە شەوە ڕووتەکانی خۆیدا بە خۆی ڕازی نەدەبوو بەرپرسەکانی تریشی لەسەر من دەعوەت دەکرد ئەمەش هەر وانیە چونکە ئە و بەرپرسانە بە زەڕەبین بەدوای عەیبی یەکتردا دەگەڕێن بەتایبەتی ئەو عەیبە گەورانە. بە پێچەوانەوە زۆر بە نهێنی یەوە ئەو جۆرەکارانە دەکەن. من لەو کچە کوردە دەپرسم لە سینارۆکەدا باسی ئەوەی نەکردووە ئەو ماوە کە لە سلێمانی بووە لە چ شوێنێك بووە ماڵی حاکم قادر ئۆتێل مەقەڕ بۆ باسی نەکردووە هیوادارم زۆر بێ لایەنانەو ڕوویەکی یاساییانەم دابێت بە م ڕووداوە وەهەروەها هیوادارم خوێنەری کورد زۆر ووریاو هووشیار بێت هەمیشە لە ڕووی یاساو عەقڵ و مەنگقەوە ڕووداوەکان هەڵ سەنگێنێ نەوەك لە ڕووی سۆزو عاگفەوە.

Rafathallabjaey@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.